بۆکان لە مێژوودا (١٠٥)                ئەنوەر سوڵتانی

## رۆژنامەی "فردای ما"

"فردای ما" چاپەمەنییەکی دووهەفتانەیە، کە لە شاری ورمێ بە زمانی فارسی دەردەچێت، بەڵام لە شارەکانی دیکەی ئوستانی ئازەربایجانیش بە هە مان ناو بەڵام تایبەت بەو شار و ناوچانە بڵاودەبێتەوە و لە هەر شارێک بە تەنیشت ناوی "فردای ما" وە ناوێکی ناوچەییشی پێ دەدرێت.

من ژمارە ٣٧ ی ساڵی دووهەمی فردای ما (رۆژی ڕوون٤)ی مەهابادم بینیوە و ئەوەی لێرەدا باسی دەکەم، "فردای ما" (داهاتوو٤) چاپی بۆکانە. ژمارەیەکی رۆژنامەکە کە لەبەر دەستی مندایە، ٢٦ی ساڵی دووهەم (نیوەی یەکەمی مانگی میهری ١٣٧٩ و رەزبەری ٢٧٠٠ی کوردی)یە. بە گوێرەی رۆژنامەکە، ئەم ژمارەیە دەبێ "داهاتووی ژمارە ٤" بێت و هیچ ئاگاداری ژمارەکانی دوای ئەویش نیم.

بابەتی ناو رۆژنامەکە بریتین لە: سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، هونەری و ئیعلانی بازرگانی. بەشێک لە بابەتەکان (بە گشتی هەواڵ و سیاسەت) بە فارسی نووسراون بۆ نموونە: ئوستانی موکریان دروست بکەن، درێژەی شەڕی یەکیەتی نیشتمانی و پ.ک.ک، بارودۆخی بازاری دەستفرۆشان لە بۆکان، سەفەری ئاغای خاتەمی (سەرۆک کۆماری ئێران) بۆ بۆکان و ... بەڵام بابەتە ئەدەبییەکان زۆربەیان بە کوردی نووسراون : شیعر، چیرۆک، هەواڵی هونەری و ... .

سەرپەرشتی رۆژنامەکە محەمەد ئەمین فەلاح، و هاوکارەکانی بریتین لە : نادر نیروومەند، بەهمەن رەسوولی، هێمن عەبدوڵلاپوور، سوڵتان ناسری، مەحموود دیدەنی، سولێمان ئەمینی، شێرکۆ جیهانی، ایران ئە حمەدپوور.

ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیە بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی – سیاسی- هونەری بۆکان لە سەردەمی دەرچوونی رۆژنامەکەدا سوودی زۆریان دەبێت.